# هاوپەیمانیی کوردستان و نیگەرانییەکانی هەڵبژاردن

پشکۆنەجمەدین

دوو هەفتەی دیکە و لە 15ی دیسامبەردا، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئیراق، لە سەرتاسەری ئێراقدا، بەڕێوە دەچێت. ماوەی کارکردنی ئەنجوومەنی داهاتوو، چوارساڵانە و لەم ماوەیەدا، ئەنجوومەن، جگە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئێراق و دەستەی سەرۆکایێتی، داڕژتنی یاسا و ڕێساکان لەسەر بنچینەی دەستووری هەمیشەیی دەنگپێدراو، دامەزراندنی دامودەسگا فیدراڵییەکان(دادگای بەرزی فیدراڵ، ئەنجوومەنی هەرێمەکان و دەسگا فیدراڵە لۆکاڵەکان)، میکانیزمی کارکردنی تەواوی دەسگاکانی تەشریع، جێبەجێکردن، قەزا، دەخاتە گەڕ و شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی نێوەند و هەرێمەکان (لە ئەگەری درووستکردنی چەند هەرێمێکی دیکە لە ئێراقدا)، ڕێک دەخات.

سەرکردایێتیی سیاسیی کورد، بۆ بەئاکامگەیاندنی ئاخاوتەی سیاسیی خۆی (دامەزراندنی ئێراقێکی فیدراڵ و دابینکردنی تەواوی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد)، بە هەموو سەنگی سیاسی و مەعنەویی خۆیەوە، بەشداریی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی لە ئێراقدا، کرد..

لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ئەمساڵدا، هاوپەیمانیی کوردستان، هەموو میتۆدەکانی پڕوپاگەندە و هەموو سەرمایە و سەروەرییەکانی خۆی، بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و گەیشتن بە ئاکامیکی دڵخواز، خستنە گەڕ و ئەنجامیش، وەدەستهێنانی 75 کورسی بوو, لەپەرلەمانی ئێراقدا.

جەماوەری کوردستان، (لە وڵات و هەندەران)، بەو هیوایەی کە ئەوە دواشەڕی "سەروماڵ"ی نەتەوەیی بێت، بۆ بەلاداخستنی کێشەی کورد لە ئێراقدا، بە شاییلۆغان و هەڵپەڕکێ، پێشوازییان لە هەڵبژاردن کرد و بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشدارییان تێدا کرد.

سەرکردایێتیی سیاسیی کورد، بە هێزێکی کاربڕی پشتئەستوور بە جەماوەری خۆی، بۆ بەرجەستەکردن و جێخستنی ئاخاوتە سیاسییەکەی، شەڕی دەستووری بەرپاکرد و ئەنجامیش، بەرهەمهێنانی دەستوورێک بوو، کە لانی زۆری خواستەکانی گەلی کوردی تێدا بەدی نەهات و کۆمەڵیک هێڵی سوور و نەگۆڕی نەتەوەیی تێدا بەزێنران. نەبردنەوەی شەڕی دەستوور، وەک ئەوەی کورد خوازیاری بوو، شکستێک بوو بۆ ئاخاوتەی سیاسیی سەرکردایێتیی کورد و ئەمەش، هاوکاری فاکتەرەکانی دیکە، خەمساردییەکی لای دەنگدەری کورد و نیگەرانیی لای لیستی هاوپەیمانیی درووست کردووە!.

ریفراندۆم بۆ دەنگدان بە دەستوور، لە 15ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا و هاتنەخوارەوەی بەرچاوی رێژەی دەنگدەران لە کوردستاندا، زەنگی خەتەری وەئاگاهێنانەوەی سەرکردایێتیی کورد بوو.
دەنگدان بە دەستوور لە کوردستاندا، ئەگەرچی "بەڵی"ی بەدەست هێنا، دیسانیش وەڵامدانەوەیەک بوو بە "نا"، بۆ ئاگێندای سیاسیی سەرکردایتیی کورد و میکانیزمی کاری ئیداری و بەرێوەبردنی حکومەت، لە کوردستاندا!.
لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، لەهەڵبژاردنی مانگی داهاتوودا، پێویستی بە بەرزترین ژمارەی دەنگ و خورتترین هێزی یاسایی هەیە، تا لە پەرلەمانی ئاییندەی ئێراقدا، ئەو دەستکەوتانەی لە شەڕی دەستووردا، وەدەستی هێناون، لە چوارچێوەی یاسادا، جێگیریان بکات!.
لە نێوان دوو هەڵبژاردندا، مەودایەکی پانزەمانگی کەوتووە. لەم ماوەیەدا، کێشەکانی: گەندەڵی، رۆتین، خراپیی ژیان و گوزەران و ناعەدالەتیی کۆمەڵایێتی کە جێگای سەرەنج و خەمی رۆژانەی تاکی دەنگدەرن، گۆڕانێکی پۆزەتیڤیان بەسەردا نەهاتووە و ئەمەش مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵکی بەرینتر کردووە.
دەسەڵات، مەسەلەی هەڵبژاردن، بە خەرمانەی پیرۆزییەکانی نەتەوە دەتەنێت و خەمەکانی ژیانی تاکی دەنگدەری لی دادەتەکێنێت. دەنگدەر، پیرۆزییەکانی نەتەوە و چارەنووسە سیاسییەکەی، بە ژیانی رۆژانەی خۆی و پێگەی کۆمەڵایێتیی بندەسەڵاتان و ژێردەسەڵاتانەوە، گرێ دەدات!. ئێستا، وا پێدەچێت، جۆرێک لە ئیشکالییەت لە نیوان جەماوەر و دەسەڵاتی سیاسیی کورد دا، هاتبێتە گۆڕێ کە بە ئاسانی، بۆ لیستی هاوپەیمانی چارەسەر نەکرێت.
ریزبەندیی لیستی هاوپەیمانی، لەچاو هەڵبژاردنی یەکەمدا، تۆکمە و پتەوتر نەبووە، بگرە (یەکگرتووی ئیسلامی)شی لی دەرپەڕیوە و سەنگەری هەڵبژاردنی لێ گرتوون.
یەکگرتووی ئیسلامی، گەمەیەکی زیرەکانە لە هەڵبژاردندا دەکات. ئەو، پیێ وایە، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، دەکارێت ژمارەیەکی زیاتر کورسی لە پەرلەمانی ئێڕقدا وەدەست بێنێت کە لەو ژمارەیەی بەهاوبەشی لەگەڵ "هاوپەیمانی"دا چنگی دەکەوێت، زیاترە. یەکگرتوو، بەنیازە، لە پەرلەمانی ئێراقدا، بە مەرجەکانی خۆیەوە، پشتگیریی لە ئاگێندا و پلاتفۆڕمە سیاسییەکانی "هاوپەیمانی" بکات و ئاکامیش، پێگەی خۆی لە ئیدارەی کوردستاندا بەهێزتر بکات!.

## گەنجی کورد، سەرچاوەی نیگەرانیی "لیستی هاوپەیمانیی"!

پرۆسەی ریفراندۆم بۆ دەستوور، مەکۆیەک بوو، گەنجی کورد لەوێدا، نارەزایی و بێزارییەکانی خۆی نیشان دان. بەشێکی بەرچاوی گەنجان، بایکۆتی پرۆسەی دەنگدانیان کرد و لە سندووقەکان تەوەلا بوون. یەکێک لە نیگەرانییە جدییەکانی

"هاوپەیمانیی"، خەمساردیی گەنجانە لە هەمبەر پرۆسەی دەنگدان و ئەگەری بەردەوامبوونیان لەسەر هەمان کەللەشەقی و نەهاتنە ژێربار و ڕەوتنەکردنیان بە ئاقاری ئاوەڕۆی ئاخاوتەی سیاسیی باو، کە کارکردی خۆی لەسەر ئاکامی پرۆسەی دەنگدان، دابنێت.

گەنجان، نەوەیەکن نە بەعسیان دیتوە و نە ئەنفال و جینۆسایدیش دەناسن. ئەوان گوێ لە حیکایەتی سەروەرییەکانی شاخ ناگرن و ئاشنایەتییەکیان لە گەڵ ڕووباری خوێندا نییە!. ئەوان، توێژێکی پەراوێزخراوی کەناری فەوزای دەسەڵاتن و جەواڵی خواستەکانیان، بە حیماسەی خیتابە سیاسییەکان پڕ نابێت!.

ئێستا، بەشێکی دیاری ئاخاوتەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئاڕاستەی توێژی گەنجان دەکرێت. داخۆ "هاوپەیمانیی"، دەکارێت مەوداکانی نێوان دەسەڵات و گەنجانی لە سیاسەت تەوەلابوو، پڕبکاتەوە و لەگەڵ سنووقەکانی دەنگدان، ئاشتیان بکاتەوە؟!.

## ئیسلامی سونە، مەترسیی مەترسییەکان!

خاڵی بەرجەستە و ڕۆشن لە ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی لیستی هاوپەیمانیدا، جەختکردنە لەسەر جێگیرکردنی ئەو دەسکەوتانەی لە شەڕی دەستووردا وەدەست هاتوون و ئەمیش سەنگ و هێزێکی لە ئەنجوومەنی ئێراقدا گەرەکە.

دەسکەوتەکانی دەستوور بۆ کورد، لە پلەی یەکەمدا، ئەنجامی "تەوافوق"ی نێوان کورد و شیعە بوو. سونەکان، لە پرۆسەی داڕشتنی دەستووردا، لاواز و بێسەنگ بوون. سوونە، لە هەڵبژاردنی ئایندەدا، دەخوازێت هەڵەیەکی مێژوویی ڕاست بکاتەوە و بە هەموو هێزی خۆیەوە، خۆی لە پرۆسەی هەڵبژاردن بهاوێت.

هێزی ئیسلامی سوونەی نێو پەرلەمانی داهاتووی ئێراق، هێزێکە، نوێنەرەوەی خواستەکانی:

_ ئیسلامی سونەگەرای توندڕۆ لە ئێراقدا.
_ شۆڤێنیزم و فیکری ناسیۆنالیزمی عەرەب.
_ فیکری بەعسیزمی لە مەزهەب پێچراوە.
_ ستراتیژی بەشێک لە وڵاتانی عەرەب، لە ئێراق و نێوچەکەدا.

ئیدی ڕۆشنە کە ئەگەری جێگیربوونی سوونە، بە هێزێکی تەبا لەگەڵ ڕیژەی بوونیان لە ئێراقدا، لە پەرلەمانی داهاتوودا، چ لەمپەرێکی ڕژد دەبێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ئاخاوتەی سیاسی و بەرنامەی کاری لیستی هاوپەیمانیدا!.

لیستی هاوپەیمانی، هەر لە ئێستاوە، ئاکامی هەڵبژاردن و سەرنویشتی ئاخاوتەی سیاسیی خۆی، لە ئۆباڵی خەڵکی کوردستان ناوە!. واتە: ئەگەر ژمارەی دەنگدەران وەکو پێویست نەبێ، ئەگەر لیستەکە سەنگی خوازراوی خۆی لە پەرلەمانی ئێراقدا نەبێ، ئەوا خواستەکانی خەڵکی کوردی پێ جێبەجێ ناکرێن و کێشە

هەڵواسراوەکان (کەرکووک، ناوچە ئازادکراوەکان، سنوور، بودجە، دابەشاندنی سامان....)، کوردخوازانە یەکلا ناکرێنەوە!.
ئەگەر سەرنجی پڕوپاگەندەکانی هەلبژاردن بدەین، بە روونی دەبینین کە سەرکەوتنی ئاخاوتەی سیاسیی کورد (ئاخاوتەی سیاسیی هێزە سیاسییەکان)، لە گرەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەری کورد، نراوە!.
دوو هەفتەی دیکە و هەڵبژاردن، دەشێ زۆر شتمان پێ بڵێن!!.

2005/11/30

Pishko2000@hotmail.com

تێبینی:
ئەم نووسینە، رۆژی 30ی نۆڤەمبەر لە کوردستان پرێسدا بڵاوکراوەتەوە و رۆژی 6ی دێسامبەریش لە هەفتەنامەی میدیادا.